# ڕوونکردنەوەیەك لە یەکێتی گشتی جوتیارانی کوردستان / سلیمانیٍ لقی هەولێر

ژمارە 67 ڕۆژی سێ شەمە 2007/9/25 دا . ماشیتی لاپەڕە 3 ڕۆژنامەی ((ڕۆژنامە )) بابەتێك لەسەر وۆرك شۆپێك لەرێکخراوی فریا گوزاری میللی P.A.O . بەهاوکاری ناوەندی ((CHAK )) بلاۆوکراوەتەوە، سەرەتا ئێمە پشتگیری هەر هەوڵێك دەکەین کە هەر کەسەو لایەنێك بیکات لە پێناوی بەرژەوەندی جوتیاراندا بێت، دەست خۆشی ئەم وۆرك شۆپەش لە هەردوو ڕێکخراوی ناوبراو دەکەین. بەلاَم کۆمەڵێك زانیاری هەڵەی تیادابوو کە بەناهەق باس لە یەکێتیەکەمان ( یەکێتی گشتی جووتیارانی کوردستان ) کراوە بۆ ڕاست کردنەوەی ئەم زانیاریانە بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسین.

1- جارێ ڕوو لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە ) دەکەین کە دەبوایە بە ئەرشیفی مالپەری سبەی دابچێتەوە کە لە ڕۆژی 2007/5/30، دەقی یاداشتەکەو هەموو ئەو چالاَکیانە کە یەکێتیەکەمان ڕێکیخستووە لە ماڵپەری ناوبراوە بە سوپاسەوە بلاَویان کردۆتەوە کە هەردووکیان ڕۆژنامە و ماڵپەڕی سبەی لەیەك دەزگا دەردەچێت.

2- برای ڕۆژنامەنووس بەبێ ئەوە بگەڕێتەوە ڕای یەکێتی جووتیارانیش وەربگرێ بزانێ ئایا یەکێتی جوتیاران بێ دەنگ بووە یان نا, لە یاساکە بەئاگایە یان نا، زۆر بەناڕەوایی و ناهەق دەڵێن گوایە یەکێتی جوتیاران دەزگایەکی حزبین پشتیوانی جوتیاران ناکات، ئێمە بەشانازیەوە باس لە ڕابردووی خۆمان دەکەین، هەر ئەمەشە ئەمڕۆ هەموو هێزە سیاسیەکان خۆیان بە قەرزاری جووتیاران دەزانن هەمیشە جوتیاران بەشێکی گرنگی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە، بەلاَم ئەم ڕاستیە وون نابێ کە داخوازیەکانی جووتیاران و خواستەکانیان لەلایەن یەکێتی جوتیاران فەرامۆش نەکراوە, بەڵکو هەوڵی جدی بۆ دراوە کە وەك کێشەیەکی گرنگ لە هەوڵدان بەردەوام بووینە،ئەمەش بێ بەرهەم نەبووە.

3- دوای ئەوە یاداشتنامەیەکمان لەسەر یاسایی کوژاندنەوەی زەویدا بە وەزارەتی کشتوکاڵ و پەرلەمان وخوودی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئە نجوومەنی وەزیران و (م. س )ی حزبەکان وە هەروەها سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان ئاگادار کرانەوەتەوە دەربارەی ئەم یاسایە.

4- زۆر بە سوپاسەوە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری یاداشتنامەکەیان کردین.

5- زیاتر لە نوێنەری 33 گوندی دەوروبەری هەولێر لە ڕۆژی 2007/5/20 لە کۆبونەوەیەکدا بە بەشداری ژمارەیەك متفرغ زراعی ( کشتیارانی کشتوکاڵی ) بەشداربوون کە تیایدا چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان.

سەرجەم ئەم هەولاَنە و یاداشتنامەکان لە ڕۆژنامەو مەڵپەڕەکان بلاَو کراوەتەوە لێرەوە سوپاس و پێزانینمان بۆ سەرجەم ئەمانە دەنێرین.

1. ڕۆژنامەی هەواڵ لە ژمارە (228 ) ڕۆژی 2007/5 /5
2. خەبات ژمارە ( 2522 ) ڕۆژی 2007/6/11
3. کوردستان ڕاپۆرت ژمارە ( 201 ) ڕۆژی 2007/ 5/ 9
4. چاودێر ژمارە ( 290 ) ڕۆژی 2007/ 6/ 4
5. هەواڵ ژمارە ( 231 ) ڕۆژی 2007/5 /26
6. سایتی کوردستان نیوز ،
7. سایتی کوردستان ئۆنلاَین
8. سایتی دەنگی سەربەخۆ
9. سایتی کوردستان نیت
10. سایتی ئەمڕۆ
11. سایتی ڕێنسانس
12. سایتی دەنگەکان
13. سایتی بۆ پێشەوە

لە کۆتاییدا ;

داواكارین له هه‌موو لایه‌ك ئه‌گه‌ر هه‌ر هه‌وڵێك ده‌ده‌ن له پێناوی به‌رژه‌وه‌ندی جووتیاران دا بێت . هه‌وڵی ماندوو بوونی خه‌ڵكی تر له‌به‌ر چاو بگرن چونكه دڵنیاین هه‌موومان به‌یه‌كه‌وه ده‌توانین خزمه‌تی زیاتری خه‌ڵكی كوردستان به‌گشتی و جوتیاران به تایبه‌تی بكه‌ین . ده‌مانه‌وێ ئه‌وه‌ش رابگه‌ینین كه له ئه نجامی هه‌وڵی ئێمه ئێستا پێشنیاری 4٪ زه‌وی بۆ خاوه‌ن زه‌ویه كشتوكاڵیه‌كان له گفت و گۆیه ئومێدی زۆریشمان هه‌یه كه ئه‌م 4٪ بڕیاری كۆتایی لێ بدرێ .

یه‌كێتی گشتی جوتیارانی كوردستان / سلیمانی

لقی هه‌ولێر

2007/9/27